**کورتە وەڵام**

**-هەواڵەکان: عادل موراد: باشترین ڕێگەچارە بۆ کوردانی ڕۆژهەڵات و دەسڵاتی ئێران، دانیشتنە لەسەر مێزی گفتوگۆ.**

**+زۆر باشە، فەرمو ئەو دانیشتنەیان بۆ ڕێکخە، بەمەرجێ مێزەکە لەجۆری ئەو مێزە نەبێ کە قاسملۆو شەرەفکەندیی لەسەر کوژران.**

**-هەواڵەکان: هەردو بەڕێز حاجی تۆفیق و حسەین زرگوێزی، 2 ملیۆن دۆلاری شەکراوی دو منداڵەکەیان بەخشی بەنەخۆشخانەی هیوا.**

**+خێریانبنوسێ. بائیتر هەمو بوک و زاواکان وابکەن. ئەم خێرخوازییە، هەڵەیەکی مێژوییشی ڕاستکردەوە: ئەو گوندەی خوار سلێمانی، بەهەڵە پێیئەوترێ زرگوێز، ڕاستییەکەی ئاڵتونگوێزە.**

**-هەواڵەکان: وەفدە شەش پەرلەمانیەکەی یەکێتی و گۆڕان لەبەغدا: گشتپرسی ناکەین و سەربەخۆییمان ناوێ و لەعیراقی یەکگرتو جیانابینەوە.**

**+ئەی بۆچی منداڵی خەڵک بەکوشت ئەدەن؟**

**-هەواڵەکان: وەفدەکە: ئامانجمان بەدەسخستنی مافەکانی کوردە لەبەغدا.**

**+گوریس بەیەکپارچەیی نەگەیشتەوە، ئێستا بە دو لەتی!؟ پێشتر بە65کورسی هیچنەکرا، ئێستە بە30!؟**

**-ڕۆژنامەی خەبات: شاندێکی هەرێم سەردانی بەغدا دەکات.**

**+پێشبڕکێی کوڕنوشبردنە! ئەگەر بۆ پشکی هەرێمە لەقەرزی نێو دەوڵەتی، وەک ئەڵێن؟ وەفدە شەشنەفەریەکە! هیچی هەڵنەگران، ئێوە چی؟**

**-هەواڵەکان: مالیکی و عەبادی و موتڵیگ و تورکومان پشتگیریی لە ڕێکەوتنەکەی یەکێتی و گۆڕان ئەکەن.**

**+هەربەوەدا بزانن چ ڕێکەوتنێکی گرنگە بۆ کورد!.**

**-کوردستانی نوێ: کوردەکانی قەفقاز وەک بەفر توانەوە. -**

**+دوای بڕیارەکەی پارێزگار، کتێبێ بۆ کوردەکانی سلێمانیش بگرنەوە. -**

-خەبات: پارتی: ئەگەر یەکێتی و گۆڕانیش دەنگ بۆ سەبەخۆیی نەدەن، ئێمە سەربەخۆیی هەر رائەگەیەنین.

+دە رایگەیەنن، دڵمان شەقیبرد.

-خەبات: بارزانی: بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی، هەنگاوی یەکەم ئەوەیە لەگەڵ بەغدا بکەوینە گفتوگۆی راشکاوانەو برایانە!. -

+ئێ، ئێ!! کاتی خۆی کوردەکانی رۆژهەڵاتیش ئەیانوت: ئەگەر شا رێگەمانبدا، ئێمەش شۆڕش ئەکەین! -

2016/6/29 -